ژماره ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

# خۆشەویستانی دوو سەرە

نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

هەریەکێك لە ئێمە چەندین نهێنی شاراوە لە ناخماندا هەیە، تا بۆشمان دەکرێ پارێزگاری لە نهێنیەکانمان دەکەین، لێرەوە ئێمە دەمانەوێ لە چەند دەلاقەیەك لە نهێنی هەندێ لە مرۆڤەکان بروانین، دەربرینی ئەم هەستەیان لەپەنگ خواردووی خەمێکی قوڵە، لەناخی هەریەکێك لەمانە ماوەیەکی زۆرە بەدوای ئەو راستیەیانە دەگەڕێم بۆ ئەوەی بتوانم، راستیەکی رۆژانە ئاشکرابکەم، هەندێ لەوانەی لەریپۆرتاژەکەم قسەیان کردووە، بەشێوەیەکی هاورێیانە نهێنیەکانیان درکاندووە، هەموو ئەوانەی قسەدەکەن هاورێم نین، بەڵکو هەندێکیان هەرناناسم، لەرێگای هاورێکانم ئەو نهێنیانەیان ئاشکرا کردوە، ئێمەش وەك پیشەی رۆژنامەنووسی ناوەکانیان بەنهێنی لای خۆمان دەپارێزین، مەگەر خۆیان بڵێن ئەوە ئێمەین قسەمان لەم ریپۆرتاژەدا کردوە، ئەگینا ئێمە نایدرکێنین، مەبەستی ئێمە تەنها خستنە رووی ئەو نهێنیە شاراوەیە کەلە ناخی هەریەکێك لەو مرۆڤانەدا هەیە. ئێمە پرسیارەکەمان لەچەند کەسێك کرد، کەتەمەنیان لەنێوان (٢٠ تا ٤٠ )ساڵ دایە، پرسیارەکەمان ئەوەبووە کەلە ژیانیان لەیەك کاتدا پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ چەند کەس، لە رەگەزی بەرامبەردا هەبووە؟ چۆن توانیوتانە ئەو پەیوەندیانە لەیەککاتدا ببەستن؟ ئەم هاورێیانە راشکاوانە وەڵامیاندایانەوە، هەرچەندە کچان بەتایبەتی زۆر بەشەرمەوە قسەیان کردووە، بەڵام ئێمە ماوەمان داونەتێ، تەنها لەسەر کاغەز وەلامی پرسیارەکانیان داینەوە، چەند کەسێکی کەم نەبێ کەراشکاوانەو راستەوخۆ وەڵامیان داینەوە.

## زۆربەی کاتەکانم بۆ ژوانی کچانە

(فەرهەنگ مستەفا) گەنجێکی تەمەن (٢٠)ساڵانەو سەبارەت بەخۆشەویستی دوو سەرە دەڵێ:" لەسەرەتاوە زۆر هەوڵمدا کەپەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی هاورێم ببەستم، بەلام ئەو رازی نەدەبوو ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە هاورێیەکی پەشیمانی دەکردەوە، تا دواجار لە هاورێکەی تۆراو رۆژێ بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم، داوای لێکردم یەکتری ببینین، پاش ئەوەی یەکتریمان بینی پەیمانی خۆشەویستیمان گرێدا، ئەوەبوو رۆژانە یەکتریمان ئەبینیو بەردەوام ژوانمان هەبوو". ئەو بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکردنی بۆ گۆڤاری کوێستان لەسەر گرێدانی دووپەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ دووکچی هاورێیداو دەڵێت: "رۆژێکیان لەشەقامێکی سەرەکی، هاورێکەی خۆشەویستەکەی خۆمم بینی، گلەیی زۆری کرد کە دیارنیم، دوایی شوێنێکمان دیاریکرد بۆ ئەوەی یەکتری ببینین، من لەکاتی دیاریکراو خۆم لە خۆشەویستەکەم دزیەوەو چووم بۆ ژوانەکەمان، دوای ئەوەی زۆر لەگەڵ یەکتری دانیشتین، دوایی داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردم منیش رازیبووم، لەیەککاتدا هەردووکیانم خۆشدەویست، بەردەوام کاتم دابەشدەکرد بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ هەردووکیان لە ژوواندا بم. تاماوەیەکی زۆر ئەو پەیوەندیەمان بەردەوام بوو، زۆرجار لەکاتی دانیشتن ناوی هەردووکیانم تێکەڵدەکرد، دەبووە هۆی زویربوونیان، چەند رۆژێك ئەتۆران دوای ئاشت دەبووینەوە، ئێستاش ئەو پەیوەندیەمان بەردەوامە". فەرهەنگ هەر بەخۆشەویستی لەگەڵ دووکچدا قەناعەتی نەهاتووەو وەك ئەو ئاماژەی پێدا خەریکە لەگەڵ کچێکی تریش پەیوەندی دەبەستێو بەڵام دەترسێو وتی:"خەریکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی تریش دەبەستم، ئێستا رۆژانە زۆربەی کاتی ژیانم لەگەڵ ئەوان بەتەلەفۆنو یەکتری بینین بەسەردەبەم، بەراستی ئەو جۆرە پەیوەندیانە زۆرخۆشن، چونکە ئەگەر

یەكێك تورە ببێت ئەوەی تر ئەو بۆشاییەم بۆ پڕدەكاتەوە، بەڵام بەخوا بەردەوام لە ترس و دڵەراوكێدام. چونكە ئەترسم ڕۆژێ دابێ هەردووكیانم لەدەست بچێ، چونكە بەتەنها دڵم ناكەوێتە سەر یەكێكیان، هەوڵیشئەدەم كە لەگەڵ چەندینی تریش ئەو پەیوەندیەم ببەستن".

## خۆشەویستەكەم مێردی بەكورێكی هەندەرانكرد

"لەژیانمدا یەكجار خۆشەویستیم بەراستی كردووە، كچێكم زۆر خۆشدەویست، هەموو ژیانم لەو ماوەیەدا بۆ ئەو تەرخانكردبوو، ئەگەر ڕۆژێ نەمبینیایە، ئەوا بەدڵنیایەوە ئەو شەوە بەلای ماڵیاندا پیاسەیێكم ئەكرد، هەرچاوم بەماڵیان بكەوتایە دڵم ئۆقرەی دەگرت، زۆر یەكتریمان خۆشدەویست، بەڵام بێوەفا دەرچوو، هەرهێندەم زانی ماوەی هەفتەیەك لێم ونبوو، هەموو پەیوەندیەكی لەگەڵ پچراندم دوایی زانیم كە شووی بە كوڕێكی هەندەران كردووە كەزیاتر لە( ١٢) ساڵ لەخۆی گەورە ترە". ئەمە قسەكانی(دڵدار قادر)بوو كە تەمەن (٢٤)ساڵانەو دانیشتووی شاری سلێمانییەو ئەو لەئەنجامی بێوەفایی خۆشەویستەكەی بیر لەوە دەكاتەوە كە پەیوەندی تر لەگەڵ كچانی دیكە ببەستێت‌و دوای ئەوەی هەوڵی زۆر دەدا بۆئەوەی پەیوەندی بەخۆشەویستی یەكەم بكاتەوەو دەڵێت:"ماوەی سێ مانگ لەشاربوو زۆر هەوڵمدا كەپەیوەندی لەگەڵ بگرم، دواجار ئەو یاردگاریانەی كەلای بوو بۆی ناردمەوە، وتی: ئیدی من دەڕۆم بۆ ئەوەی لەم شارەو لەنەریتە بۆگەنەكانی كۆمەڵگاكەم دووربكەومەوە، دڵنیابە لەوێش لەیادتناكەم هەر بیرتدەكەم ئەو ڕۆیشت ژیانم هەمووی شێوا، دواجار هەواڵم پێگەیشت كەلە مێردەكەی جیابۆتەوە، دوای ئەوەی پەیوەندیم لەگەڵ كچێكی تردا گرێدا، بەڵام هەستمكرد وەك ئەوەی یەكەم خۆشمناوێ، هەرچەندە پەیوەندیمان هەرماوە، بەڵام من پەیوەندیم لەگەڵ كچێكی تریش گرێداوە، یەكێكیان بەردەوام دەبینم، ئەوەی تر كەم هەرچەندە ئەوەی كەم دەیبینم زۆرخۆشمئەوێ ئەوی تریش ڕۆژەكەی لەگەڵ بەسەردەبەم".

## كچی یەكەمم زۆر خۆشدەوێ

(نیاز خالۆ) تەمەن(١٨)ساڵانە، دەڵێ: "كچێكم زۆر خۆشئەوێت، ئەویش بەهەمان شێوە، بەڵام هەستدەكەم كە خۆشەویستیەكەی كەمدەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوەندە گرنگی بەبینینی من نادات، هەوڵئەدات كاتێك بدۆزینەوە لەكاتی بینینی، من دەڵێ دەڕۆم كارم هەیە، هەرچەندە من زۆرم خۆشدەوێت، بەڵام هەستدەكەم كەپەیوەندی تری لەگەڵ خەڵكیتر هەیە". نیاز لەئەنجامی ئەو دڵەڕاوكێ‌و گومانانەی بۆی دروست دەبێت‌و بیر لە بەستنی پەیوەندی تردەكاتەوە لە كچانی ترو دەڵێ:"بۆیە منیش ناچاربووم كە پەیوەندی لەگەڵ كچێكیتر ببەستم، ئەو خۆشەویستیەم دابەشبكەم بۆ دووكەس، هەرچەندە من كچی یەكەمم زۆر خۆشدەوێ، هەموو شتێكم لەپێناویدا كردووە، كەچی ئەو وەڵامی نییە! هەرچەندە كە ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵ من بپچڕێنێ، هەركاتێكیش هەستبكات كە من لێی تۆراوم دێتە باوەشم‌و ئاشتم دەكاتەوە، منیش دڵم ئەوەندە سادەیە زوو هەموو هەڵەكانی ئەوم لەبیردەچێتەوە، بەڵام ماوەیەكی كەم وەك خۆی دەكاتەوە، جارێكیتر گرژی دەكەوێتە نێوانمانەوە، بۆیە من ناچاربووم كە لەگەڵ كەسێكی تر ژیانی ڕۆژانەم بەسەربەرم، ئەگەر خۆشەویستیەكەی یەكەم واز لەو پەیوەندیانە بێنێ من هەر بۆلای ئەو ئەگەڕێمەوە، چونكە بەراستی خۆشمئەوێ، بەڵام ئەگەر وابێ بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی ژیان پڕبكەمەوە".

## لە ژیانی هەرزەكاریەوە تووشی هەڵە بووم

"من لەژیانم چەندین كوڕم لەیەككاتدا خۆشویستووە، هەموو ئەو پەیوەندیانەشم لەپێناو ئەوە بووە كە بە ئاواتی خۆم بگەم، من وامئەزانی ئەگەر پەیوەندیەكانم زۆربێت بە ئامانج دەگەم، بەڵام نەمزانی كەئەو هەموو پەیوەندیانەم دەبنە هۆی ئەوەی كە لە ژیاندا تووشی ڕەشبینی ببم، لەبەرئەوەی هەركەسێ پەیوەندیم لەگەڵ گرێداوە دوای ماوەیەك لەیەكتری جیابوینەتەوە، زۆرجار تووشی بێئومێدی زۆر دەبم لەخۆم‌و ماڵەوە هەموو كەس بێزار دەبووم، من لە سەرەتای ژیانی هەرزەكاریم تووشی هەڵە بووم". ئەمە قسەكانی كچە گەنجێكی تەمەن(٢١)ساڵان بوو

بەناوی (سازان محەمەد)، ئەو دوای کە هەستی پەشیمانی دەردەبڕیّو ئەنجامدانی ئەوکارانەی بۆ باری بژێوی ژیانی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: "ئێستا دەمەوێ ئەو هەڵانە ڕاستبکەمەوە، بۆم ڕاست نابنەوە، بەڵێ من لەیەککاتدا دوو تا سێ کورم خۆشویستووە، بەڵام ئەو پەیوەندیانە هەریەکەیان بەرژەوەندی تایبەتیم لەگەڵیان هەبووە، لەبەر ئەوەی من کەسێکم نەمتوانیوە لەشوێنێك دابمەزرێم و بژێوی ژیانی تایبەتی خۆم دابینبکەم، ئەو کەسانەی کەپەیوەندیم لەگەڵیان هەبووە لەلایەنەکان هاوکاریان کردووم، من ئەو هەموو پەیوەندیەم هەیە، بەڵام بەخوا بەهیچیان دڵم خۆش نییە و ناشتوانم وازیان لێبهێنم".

## پەیوەندیەکان کاریگەری خراپیان لەسەر دروستکردووم

(شیلان ناسیح) کچێکی تەمەن (٢٠)ساڵانەو بێزاری خۆی دەردەبڕی لەکردنی خۆشەویستی دووسەرەو هەتا سێ سەرەش کردوویەتی، هەتای وایلێهاتووە دووجار ژمارەی مۆبلەکەی بگۆڕێتو دەڵێ:"بەراستی بەدەست وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکانم بێزار بوومە، تائێستا دووجار مۆبایلەکەم گۆڕیوە بۆ ئەوەی کە ژمارەکەم بلاونەبێتەوە، زۆر پەیوەندیم پێوە دەکرێ. من زۆربەی پەیوەندیەکانم لەرێگای مۆبایلەوە بووە، بۆ نموونە چوومەتە شوێنێك داوای ژمارەی مۆبایلیان لێکردووم. من ئێستا پەیوەندیم لەگەڵ سێ کور هەیە کەبەراستی نازانم کامەیانم لەویتر خۆشتردەوێ، لەبەرئەوەی کەئەو پەیوەندیانە تەنها کات بەسەربردنە، زۆر ئەستەمە کەبتوانم واز لەو پەیوەندیانە بهێنم". ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری کوێستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرکەسێك دوو کور یان دووکچی لەیەککاتدا خۆشبوێت ناتوانێت ژیانێکی ئارام پێك بێنێتو دەڵێ:"بۆیە پێموایە هەرکەسێ بتوانێ لەکەسێك زیاتری خۆشبوێ، بەراستی ژیانی خۆی تێکئەدات، لەکۆتایی ناتوانێ لەهیچیان ژیان دروستبکات، چونکە ئەو پەیوەندیانە لەسەر بناغەیێکی ڕاست بنیادنەنراوە، تەنها بۆ ڕۆژ لەگەڵ یەکترێدان من ئێستا وام، بەراستی وا بریارئەدەم کەئیدی خۆشەویستی نەکەمو لەماڵی خۆم دائەنیشم، چونکە بەراستی لەماوەی رابوردودا هەستدەکەم ئەو پەیوەندیانە زۆر کاریگەری خراپی لەسەر ژیانم هەبووە".

## ئەوانەی زیاتر لە کەسێکیان خۆشئەوێ شکست دەهێنن

(باران شاسوار) کچێکی تەمەن (٢٧)ساڵانە دەڵێ: " لەژیانم تووشی هەڵە ببووم، کەلەیەك کاتدا پەیوەندیم لەکەسێك زیاتر هەبووە، ئامۆژگاریم بۆ کچانە، دەڵێم کچان، چونکە بۆ کوران ئاساییە لەیەککاتدا پەیوەندی لەگەڵ دە کەسیش ببەستێ، بەڵام بەراستی کچان زۆر زیان دەکەن، چونکە ئەگەر لەیەك کەس زیاتری خۆشویست، ئەوا ناتوانێ ئامانجەکانی ژیانی بهێنێتەدی، چونکە کورەکانی بەرامبەری بەچاوی سوك سەیریدەکەن، تەنها بۆ کات بەسەربردنی ڕۆژانە لەگەڵیان دائەبن، هەوڵ ئەدەن کەسەرنجیان بۆلای خۆیان رابکێشنو بەڵێنی زۆریان پێئەدەن". هەروەها ئەو لە درێژەی قسەکانیدا ئامۆژگاری کچان دەکات کە پەیوەندی دووسەرە نەبەستنو زیان بە ژیانیان دەگەیەنێتو دەڵێت:" بۆیە داوایان لێدەکەم کە هەوڵبدەن کێیان زۆر خۆشدەوێت، ئەو کورەی کەبەراستی خۆشیئەوێ پەیوەندی خۆشەویستی زیاتر لەگەڵ پتەوبکەن، چونکە بەراستی کور وەك ڕێوی فێڵباز وایە ئەوەندە درۆ دەکات بۆ ئەوەی کە باوەری پێبکەی لەکۆتایش کەهاتنە سەر جێبەجێکردنی کارەکان خۆی ئەدزێتەوە بیانووی سەیر ئەدۆزێتەوە، بۆیە لەهەڵبژاردنی کەسێك دەبێ زۆر وریابن، چونکە من لەو هەموو پەیوەندیانەم هیچم بەهیچ نەکرد، دڵنیام ئەوانەی زیاتر لە کەسێکیان خۆشئەوێ شکست دەهێنن".

## دواسەرنج

لە ئەنجامی گفتوگۆی ئەم بەرێزانە دەرئەکەوێ کەئەوەی لەیەك کەس زیاتری لەژیانیدا هەبێ، ئەوا بەردەوام لە دڵەراوکێ دەژی، بۆیە واچاکە لەژیانی هەرتاکێك بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی دابنێ، لەبەرئەوەی لەژیانی هەرکەسێك هەڵە ڕوودەدات، ڕاست نەکردنەوەی ئەو هەڵانەش کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتی دەبێت، لە ئایندە هەست بەخۆی ناکات تەمەن دەڕواتو لەکاروانی ژیان دائەبڕێ، دەبێتە قەیرە کچ، بەڵام بۆ کور ڕەنگە ئاسایی بێت لەبەرئەوەی ئەتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات، چونکە هەرچەندە پەیوەندی لەگەڵ چەند کچێك هەبێ، لە کاتی ژنهێنانی کەس لێی ناپرسێ، پەیوەندی لەگەڵ کێ هەبووەو چۆنەو چی دەکات؟ بەڵام ئەگەر کچ پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تر هەبێ، ئەوا لەلای ئەوکەسەی کە دەیەوێ ژیان هاوسەری پێکبهێنن پەشیمان دەبێتەوە.